سەيد حەكيم: كۆتايى هاتنى شەڕ و پەرەسەندن لە ناوچەكە پێويستە بۆ پاراستنى بەرژەوەندييەكانى عێراق

سەماحەتى سەيد حەكيم سەرۆكى هاوپەيمانێتى هێزە نيشتمانييەكانى دەوڵەت پێشوازى لە بەڕێز هادى عامرى ئەميندارى ڕێكخراوى بەدر كرد و لەم ديدارە هەردوو لا پيرۆزباييان بە بۆنەى رۆژى سەروەرى ئاڵوگۆڕ كرد كە رۆژى كۆتايى هاتنى ئەركى هاوپەيمانان بوو كە بۆ بەرەنگاربوونەوەى داعش ئامادەبوون، لەگەل ئەو شايستانەى پەيوەندى بەوە هەبوو.

سەماحەتى دووپاتى كردەوە كە ئەو رۆژە وەك پەيامێكى چاكبوونەوەيە و بەڵننامەيەكە لە ولاتانى هاوپەيمانێتى بەوەى كە عێراق تواناى هەيە دۆسێى ئەمنى خۆى بەڕێوە ببات بێ ئەوەى پێويستى بەوانى ديكە هەبێت، ئەوەش خاڵێكى گرنگە بۆ دەستپێكردنى چارەسەرى كێشەيچەكى دەرەوەى دەولەت.

سەماحەتى جەختى كردەوە لەسەر گرنگى ڕووبەڕووبوونەوەى ڕكابەرييەكان بە يەكگرتنى زياتر بەتايبەتى لە ڕووى ڕكابەرى ئابوورى.

سەبارەت بەدۆخى ناوچەكە، هەردوو لا جەختيان كردەوە كە پێوستە سەقامگيرى بۆ ناوچەكە بگەڕێتەوە و شەڕ و پەرەسندنيش بەكۆتا بێت.